www.kurdistannet.org
28-10-2006 9:42بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# دۆخی عێراق و دڵنیایی خەلیلزاد... ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

بەپێچەوانەی هەموو مەزندەکان، سەرەڕای نزیکەی چوار ساڵ لە ڕووخان و لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی دڕەندەترین ڕژێمی ناوچەکە، ڕەوشی ئاسایشی عێراق لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر بۆ گەلانی عێراق و هاوپەیمانان مەترسیدارترە. دۆخەکە بەجۆرێك ئاڵۆزکاوە. بۆ هێورکردنەوەی چاوەڕوانی هەموو جۆرە سیناریۆیەك دەکرێت. کەلانی کەم لافاو، و فووارەی خۆێنی عێراقی و ئەمریکییەکان ڕاوەستێنێت. هەربۆیە ئەم ماوەیە لەهەمووکات زیاتر " واشنتۆن و لەندەن و سیدنی " لەسەر هێڵەکەن. لەم نێوەندەشدا جموجۆڵە دبلۆماسی و نەخشە سەربازی و تاکتیکی و ستراتیژییەکان، بەئاراستەیەکی تیژڕەو و سەیردا گوزەر دەکەن، مادام پێشبینییەکان ئاسان نین، هیچ سەیر نییە کە لێدوانی دژ بەیەك لەم بارودۆخە لەناوەندە باڵادەستەکان ببینین.

چونکە دۆخەکە ئاڵوزکاو و ترسناکە، مەزندەی هەموو پێشبینییەك لەناوەندە باڵادەستەکان دەکرێت، کورد لەم نێوەندەدا وەکو مارگەستی لە گوریس ترساو لە هەموو شتێك دەسڵمێتەوە، لەهەموو گەلانی عێراق زیاتر دەرك بە مەترسی سیناریۆ چاوەڕواننەکراوەکان دەکات، نەبادا بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکرنەوەی حساباتەکان، وەکو مێژووی نزیکەی سەدەیەکی ناوچەکە، کورد بکرێتەوە قوربانی!! هەر لەبەر ئەمەشە ئەم ماوەیە ڕاگەیاندنی کوردی لە ناویشیاندا سەتەلایتی کوردستان و ماڵپەری پەیامنێر، لە هەموو کات زیاتر شەفاف و نەترسترن لە بڵاوکردنەوەی هەرچی هەواڵی پەیوەست بە عێراقەوە.

بۆ نەتەوەی کورد ئەگەرچی خۆشبەختانە نوکە لەهەموو کات زیاتر، بەشێکە لە پێکهاتەکانی عێراق و لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و لەهەموو کات زیاتر لەلایەن زلهێزانەوە حسابی بۆ دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مادام بارودۆخی عێراق بەئاسانی هێور نابێتەوە، بەپێچەوانەوە بەرەو دژواری تێدەکشێت، تا لانی کەم بارودۆخی ئەم وڵاتە بەم شێوەی ئیستاش بێت، ئەگەر خراپ تریش نەبێت، هێشتا بەلانانەوەی کورد و دورخستنەوەی جارێکی تر پڕلە مەترسین. ئاخر لە عێراقی تازەشدا، جارێکیان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی حکومەت، لەسەر حسابی کورد سوننە و شیعە ڕازی کرا؟!! هەرچەندە ئەو کات و لەوەختی خۆیدا بەرێزان بارزانی و تاڵەبانی، بەنامەیەکی نووسراو گلەییان گەیاندە سەرۆك بوش، بەڵام سەرەنجام ئەوەی لەسەر حسابی کورد بۆ ڕازیکردنی خەڵکی تر نەخشەی بۆ کێشرابوو، هەر ئەوە کرا!!

هیوایەك کە کورد لەم جەنجاڵییەی دۆخی عێراق و سیناریوَ جۆر بە جۆرەکانانی لە ئێستادا هەبێت، جگە لە هەوڵی دبلۆماسی و پەیوەندییە پێشینیەکانی ڕابردوو، بەبڕوای خۆم زەڵمای خەلیلزادی باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە عێراق، ئەو پیاوە دبلۆماسییەی بەناوبانگەی هەمیشە لە پێگەی خۆی گەورەتر و خاوەن بڕیار تر دیارە. ئەم پیاوە یەکێك بوو لەو تاکە دبلوماسیانەی ئەمریکا کە شەممەی ڕابردوو لەگەڵ ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئەمریکا و دیك چینی جێگری سەرۆك و ڕاوێژکاری سەرۆك بۆ کاروباری ئەمنی قەومی لە واشنتۆن سەبارەت بە گۆڕینی تاکتیکی سەربازی لەعێراق لەگەڵ سەرۆك بوش کۆبۆوە. هەربۆیە دوای گەڕانەوەی لەواشنتۆنەوە بۆ بەغدا و کۆنگرە هاوبەشە ڕۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ کۆلۆنێل جۆرج کەیسی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە سی شەممەی ڕابردوو دا، بۆ چوارشەممە لە هاوینە هەواری دووکان لە کۆبوونەوەیەکی سی قۆلیدا لەگەڵ بەرێزان بارزانی و تاڵەبانی بەیەك گەیشتن. ئەگەرچی دەکرێت ئەم پەلەیەی باڵوێز خەلیلزاد بۆ جەژنانە و هاوسەنگی بێت لەنیوان هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی، چونکە جەژنی نەورۆزی ڕابردوو بۆ جەژن خەلیلزاد لای بەرێز بارزانی بوو، بەڵام ئەمە هەرگیز لە گرێدانی کۆبوونەوە لەگەڵ

سەركردایەتی كورد لەم كاتەدا كەم ناكاتەوە كە لە پێش هەموو عێراقییەكان لە گەڵ سەركردایەتی كورد كۆدەبێتەوە، بەتایبەت كە لە بەغداوە بۆ كوردستانەوە هاتووە. ئەمەش دەرخەری بەشێكی گرنگی ئەم ڕاستییەن، كەوا دەكرێت ئەم بەیەك گەیشتنە لەم كاتەدا، هەڵگری دڵنیایی و پەیامێكی ڕانەگەیەندراوی واشنتۆن بێت لە ڕیگای خەلیلزاد، كە لانی كەم لە پێشهاتە جۆربەجۆرەكان عێراقدا، جارێكی تر كورد و دۆزەكەی بەقوربانی كەس ناكرێت.

2006/10/27